وەزارەتی دارایی لەبارەی داوای بەهەمیشەییکردنی فەرمانبەرانی گرەبەستی وەزارەتی نەوت هەشداری دەدات

وەزارەتی دارایی عەراق لە نوسراوەکدا بە نوسینگەی سەرۆك وەزیران لەبارەی داوای بەهەمیشەییکردنی فەرمانبەرانی گرەبەستی وەزارەتی نەوت هەشداری دەدات و دەڵێت، خەزێنەی گشتی بەرگەی هیچ بارگرانییەکی دارایی زیاتر ناگرێت.

وەزارەتەکە لە نوسراوەکەیدا کەدەستی موتەبەع کەوتووە کە ڕۆژی 29ی ئەم مانگە ئاماژەی نوسینگەی سەرۆك وەزیرانی عەراقی کردوە لەبارەی داواکاری بە بەهەمیشەییکردنی فەرمانبەرانی گرەبەستی وەزارەتی نەوت، جەختی کردەتەوە کە یاسای بودجەی سە ساڵە، هیچ دەقێکی تێدا نییە کە ڕێگە بدات بە هەمیشەییکردنی فەرمانبەرانی گرەبەست، جگە لە فەرمانبەرانی گرەبەستی پەرلەمان.

وەزارەتی دارایی عەراق هەمای بە ئەوەش کردوە، خەزێنەی گشتی دەوڵەت بەرگەی هیچ بارگرانییەکی دارایی زیاتر ناگرێت کە لە چوارچێوەی یاسای بودجەدا جێگیرنەکرابێت.